# دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان

## لە وەلاّمی ڕەخنەیەك

پاش بلاوبونەوەی هەڵوێستی دەنگەکان لە سەر لابردنی ئالاّی بەعس لە کوردستان ، کاك یوسف بەکر ڕەخنەی لەو هەڵوێستەی ئێمە گرت  لە توێ ی نووسینێکدا کە هەر لە سایتی دەنگەکان بلاّوکرایەوە .

بێ گومان تێڕوانینی ئێمەو هەڵوێستەکانمان مەرج نییە سەد لە سەد چاوەڕوانیەکانی خوێنەران تێر بکا .بۆ ئێمە وەزعی خەڵکی کوردستان لە ژێر دەسەلاّتی کوردیدا مەیدانێکە ڕۆژانە مامەڵەی لە گەڵ دەکەین و هیچ خۆشباوەڕیەکمان لەو بارەیەوە نییە ، کە دەشڵێین خۆشباوەڕیمان نییە نەك بەو مانایەی کەئێمە حەقیقەتێك شك دەبەین خەڵکی تر پەی پێ نابا ، بەڵکو باری گشتی ئەزموونی دەسەلاّتی کوردی و پەیوەندی بە جەماوەرەوە شوێنێکی بۆ بەد حاڵی بوونی کەس نەهێشتووتەوە ، جەماوەرو دەسەلاّتی سیاسی بە ئاستێك مامەڵە لە گەڵ یەکتر دەکەن ، کە پیچەوانەی بۆچوونەکانی کاك" یوسف "ە.
دەسەلاّت بە پەرپا کردنی کێشەی لابەلا ناتوانێ سەرنجی جەماوەر لە سەر هیچ کێشەیەکی سەرەکی ژیانی ڕوژانەی لابدات .لە لایەکی تریش مامەڵەی ئێمە لە گەڵ وەزعی قەوارەی کوردستان لە هاوکێشە سیاسیەکانی نێو عێراق مەیدانێکی ترە کە هیچ وەهمێکمان لە بارەیەوە نیە ، سایتی دەنگەکان ڕۆژێ لە ڕۆژان پشتگیری لە یەکێتی خاکی عێراق نەکردوەو قەتیش نایکا ،ستراتیژی ئێمە لەو بارەیەوە هەروەکو لە ناسنامەکەمان هاتووە ئیش کردنە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ، چەند زووتر ئەم جیابوونەوەیە ڕوودات هێشتا هەر درەنگ کەوتووە ، هەموو ئەو ڕەمزانەی لە بابەتی ئالاّو سرودی نیشتمانی ئەگەر بە تاڵە مووش کوردستان بە عێراق و حکومەتی مەرکەزی دەبەستێتەوە پێویستە وەلابنرێن ڕەمزەکانی سەربەخۆبوون شوێنی بگرێتەوە.

ئالاّی کوردستان ئالاّی عێراق ئەگەر هەردووکیان لە باری کۆمەلاّیەتیەوە تەعبیر بکەن لە سیستەمێکی چینایەتی ژێر سایەی سەرمایەداری ، بەلاّم بە ڕەهەندی مێژوویی و سیاسی زۆر لە یەکتر جیاواز بوونی خۆیان پێکهێناوە و درێژەی پێ دەدەن ، ئالاّی عێراق ئالاّی فاشیزمە ، ئالاّی کوردستان ئەگەرچی تەعبیر لە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی ناکات ، بەلاّم پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە مەیلی سەربەخۆبووندا هەیە لە نێو خەڵکی کوردستاندا ، ئێمە ئەو مەیلەمان بۆ سەربەخۆبوون لا گرنگە بە قەدەر ئەو مەیلەی تر  کە ڕۆژانە بۆ عەدالەتی کۆمەلاّیەتی و دژ بە فەسادی ئیداری دژ بە نەبوونی پێویستیەکانی ژیان لە ڕێ ی خۆپیشاندانذا بەرەو رووی دەسەلاّتی کوردیدا دەبێتەوە ، ئەم دوو مەیلە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە ، بەلاّم بە میکانیزمی جیاواز مامەڵەی دەبێ لە گەڵ بکرێ و پشتگیری لە هەردووکیان دەبێ بکرێ .

– بۆخوێندنەوەی هەڵوێستی دەنگەکان کلیکی ئێرە بکا .
http://www.dengekan.com/doc/2006/9/3/Dengekan_iraqiFlag.pdf

–بۆخوێندنەوەی ڕەخنەکەی کاك یوسف بەکر کلیکی ئێرە بکا
http://www.dengekan.com/doc/2006/9/11/yosefBakir.pdf